# شێواز و ڕەنگی جلوبەرگی فەرمی



جلوبەرگی فەرمی، فۆرماڵ، یەكێكە لەو تاخمە جلانەی كە دیمەنێكی شاهانە و پڕ كەسایەتی بە ئافرەتان دەدات، ئەو تاخمە جلە بۆ شوێن و كاتی فەرمی وەك دەوام و زانكۆ و دەرچوون و كۆبوونەوەكان بەكاردێت، چونكە تاخمی جلەكان بۆ هەركات و شوێنێك لەوەی دیكە جیاوازە، نابێت بە جلی گەشتەوە بچیتە دەوام و شوێنی فەرمی، بەم چەشنە ماركەكانی جلوبەرگ چەندین مۆدی جلی فەرمییان ئامادە كردووە، وەك: ماركەی بووربێریێ، مۆدی جلی چاكێت و پانتۆڵی هێڵكاریی هەڵبژاردووە، ئەوەی لە زمانی گشتیدا بە خەت خەت ناسراوە، كە زیاتر لە ڕەنگی زەرد و سپی و ڕەش و ڕەساسی پێك دێن. ئەلتوزارا، چاكێتی درێژ و پانتۆڵی كورتی هەڵبژاردووە، لەگەڵ پێڵاوێكی پووتی كورت. ماركەی ئێرمانۆ سسێرڤینۆ، كۆمەڵە جلەكانی بە چاكێتی سپی و پانتۆڵی ڕەنگێكی دیكە شیك كردووە، كە لە شێوەی بەدی وایە، واتە تەواوی جەستە دەگرێت. ماركەی كریستیان دیۆر، چاكێتی شێوەی چاكێتی پیاوانی ئامادە كردووە، هەروەها شێوەی كلاسیكی جلی فۆرماڵی هەڵبژاردووە. ماركەی ئیسكادا، چاكێتی كورت و پانتۆڵ و تەنوورەی درێژی كردۆتە مۆدی جلی فەرمی، كە زیاتر لە ڕەنگی شین و پەمەیین، بە مەرجێك پانتۆڵەكان فراوان و بەرین بن.



# چۆنێتیی هەڵبژاردنی شێواز و ڕەنگی پووت

سەرمای زستان، پێویستی بە جلوبەرگی گەرموگوڕە، تا بتوانیت خۆت لە سەرما بپارێزیت و هەروەها مۆدە جلێکی نایاب دەستەبەر بکەیت، کاتێك تاخمە جلێکی جوانت دەبێت، هاوكات پێویستت بە پێڵاوێکی گونجاوە تا جلەکان ڕازاوەتر بکات و پێیەکانیشت لە سەرما و سۆڵە بپارێزێت. بۆ وەرزی ئەمساڵ پسپۆڕانی جوانکاری زیاتر لە پێڵاوەکان بایەخ بە پووتەکان دەدەن، وەك ئەوەی پەیامێك بە ئافرەتان بدەن کە گرنگی بە پووتەکان بدەن، مارکەی لویس ڤیتۆن، پێیان وایە: پووتەکان زیاتر لەگەڵ جلی جینز گونجاون، کە ئەوەش مۆدێکی باوو گشتییە و بۆ هەموو کاتێك دەبێت، بۆ کاتەکانی دەرچوونی شەوانە دەکرێت پووت لەگەڵ تەنوورەی درێژ و کورت لەبەر بکەیت، بە مەرجێك پووتەکە لە پێست و ڕەنگی ڕەش بێت، جلەکەش لە ڕەنگێکی دیکە بێت جیاواز لە ڕەنگی پووتەکە، ئەگەر بکرێت ڕەنگی جلەکەی سەرەوە لە هەمان ڕەنگی تەنوورە بێت ئەوا مۆدێکی نایابی دەبێت، ئەوەش لە بیر مەکە کە زۆربەی جار ڕەنگی پووت لەگەڵ بەشێکی دیکەی جل، یان ئێکسسوارەکان هاوڕەنگ دەکرێن، وەك ڕەنگی جانتا، پشتێن، شاڵی مل، دەکرێت ڕەنگی پووتەکانت جۆراوجۆر بن، لەوانە: پووتی لە ڕەنگی بێجی، سەوز، سوور، پەمەیی کە ئەوانە زیاتر بۆ کاتەکانی ئاهەنگ و گەشت لەپێی دەکرێن.

## ئەو هەڵانەی جوانیت دەشێوێنن




هەندێ لە هەڵە باوەکان کە ئافرەتان ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن، جوانییان دەشێوێنێت و ڕەنگیان تێك دەدات، بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەو هەڵە باوانە بن کە دەبنە مایەی تێکچوونی شیرازەی جوانییان، ئەو هەڵانەش بریتیین لە: هەڵبژاردنی جلوبەرگی ڕەنگ ڕەش، ڕەنگی ڕەش یەکێکە لەو ڕەنگانەی کە شێوەت دەبات و گەورەتر نیشان دەدات، بەتایبەت کاتێك ڕەنگی ڕوخساریشت وەکو جاران سپی و بە بریقە نابێت، بەم جۆرە ڕەنگی جلەکەت و ڕوخسارت گەورەتر نیشان دەدەن، بۆیە لە جلی ڕەش نزیك مەبە. هەروەها تەنوورەی درێژ کە تا سەر پاژنۆ بێت، شێوەی گەورەتر لە خۆت نیشان دەدات، بۆیە کاتێك تەنوورەیەك هەڵدەبژێریت، پێویستە لەژێر ئەژنۆدا بێت، بەم چەشنە شێوەت ناسکتر و کراوەتر دەردەکەوێت. هەڵە هەڵبژاردنی ستیانی گەورە، کە ئەمەش شێوەی سینگت تێك دەدات و نەشیاو دەبێت، کاتێك جلێکی جینز لەبەر دەکەیت، با پێوانەی خۆت یان بچووکتر بێت، چونکە جینز دەکرێتەوە و زیاتر لۆچ دەگرێت. هەوڵ مەدە ملت داپۆشیت، بەتایبەت ئەگەر قەمیست لەبەر بوو، یان بەدی و بلووز، چونکە شاردنەوەی مل بەشێکە لە ونکردنی شێوەی لەش و لارت. پێڵاوی پاژنە بەرزی ئەستوور یان پان، شێوەی جەستەت تێك دەدات و وەك کەسێکی پیر دەردەکەوێت، بۆیە پاژنە بەرزی باریك و تەنك بۆ لە پێکردن هەڵبژێرە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە، باس لە دەستاودەستکردنی هەردوو کۆرۆنای کۆڤید (١٩)ی ساڵی ٢٠١٩ و کۆڤید ٢٠ی ساڵی ٢٠٢٠ دەکات، وەك ئەوەی دەسەڵاتەکانیان بۆ یەکتر بگۆڕنەوە، لە کاتێکدا کۆڤید (١٩) دژە ڤاکسینی بۆ ئامادە کراوە.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە



## تێگەیشتنی مرۆڤ

(هێوم)ی زانای فەلسەفە دەڵێ: «سەرەتا مرۆڤ دوو جۆر تێگەیشتنی هەیە، یەکێکیان بەهۆی کاریگەریی شتەکانی دەوروبەرە لەسەر مرۆڤ، ئەوەیتریش هێنانە بەرچاوی شتەکانە، مەبەستی هێوم لەجۆری یەکەم هەستی خێرا و کاتیی دەرەکییە و مەبەستی لەجۆری دووهەم بیرهێنانەوەی هەستەکانە» وەك ئەو نمونەی خوارەوە لەسەر باسەکەی هێوم، ئەگەر دەستت بەچرایەك بسوتێت کاریگەری خێرا وکاتیی هەیە، دوای ماوەیەك لە سووتان دەتوانیت بیهێنیتەوە یادت کە دەستت سوتاوە. هێوم بیر هێناوەی ئەم کاریگەرییە بە بیرکردنەوە و بەرچاوهێنان ناو دەبات، جیاوازیی ئەم دوانە لەوەدایە کە کاریگەری و ئاسەواری جۆری یەکەم لە ئێمەدا بەهێزتر لە یادهێنانەوەی مێشکی ئێمە لەسەر ئەو ڕووداوە، دەتوانین بڵێین کەهەستەکان بنەمایە و یادەوەری بیرهێنانەوە کەمڕەنگترە لەبنەما ی کاریگەربوون هۆی ڕاستەوخۆی ئەو بیرانەیە کە لە مێشکی ئێمەدا کۆ دەبێتەوە.

## نوکتە

جارێکیان پیاوێك خەڵاتێکی زۆری پارەی بۆ دەردەچێت، کاتێك دەگەڕێتەوە ماڵەوە بە ژنەکەی دەڵێ: ئافرەت ئەو پارە زۆرەم لە خەڵاتێکدا بۆ دەرچووە، ژنەکەی لە خۆشیدا جەڵتە لێی دەدات و دەمرێت، پیاوەکەش هێندە لە ژنەکەی بێزارە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ: بەخت و خەڵات بە جارێك ڕووی تێ کردووم!

### ٣/٢١ - ٩ کاوڕ

کێشەیەکی زۆرت هەیە و بەردەوام بیری لێ دەکەیتەوە، ئەو بارەی سەرشانت سوك بکە، دەنا کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەرونت دروست دەکات، کاتەکانت بە بیرکردنەوەی بێسوود بەهەدەر مەدە، لەگەڵ هاوڕێکانت ناکۆکیت و بیرکردنەوەتان لەیەك دوورە، ئەمەش وایکردوە هەست بە تەنیایی بکەیت.

### ٤/٢٠ - ٥/٢٠ گا

کارەکانت فەرامۆش مەکە و هەوڵبدە زیاتر گرنگی بە خۆت بدەیت، بەلاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر ئەمڕۆ هەست بە لاوازی و نەخۆشی بکەیت، لەم بارودۆخەدا پێویستت بە پشو وەرگرتن هەیە، ئێستا کاتیکی باشە بۆئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکانت کۆببیتەوە، ئەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە وا باشترە کە بیدرکێنیت.

### ٥/٢١ - ٦/٢٠ جمک

ئەگەرچی ئەرکەکانت قورسن و پێیانەوە ماندوو دەبیت، بەڵام دەبێ هەوڵی زیاتر بدەیت تا ئەنجامی شایستەت هەبێت، ئەگەر ڕووبەڕووی کێشەیەك بویتەوە نیگەران مەبە، بەزویی تێپەڕ دەیت، ئێستا کێشەکانت لە جاران ئاسانتر چارەسەر دەبن، زۆرکات چارەسەرەکان لەوە نزیکترن کە بیری لێ دەکەیتەوە.

### ٦/٢١ - ٧/٢٢ قرژاڵ

خەمەکانت فەرامۆش بکە و کارەکانت بە جوانی ڕێك بخە، چێژ لەو چالاکییانە ببینە کە ئەنجامیان دەدەیت، بەتایبەتی لەگەڵ هاوڕێکانت، کات زۆر گرنگن بەفیڕۆی مەدە و سەرنجت بخەرە سەر کارە گرنگەکان، متمانەت بە خۆت هەیە و نیشانی کەسانی چواردەورتی بدە کە بە توانایت، هەرگیز خۆت بەدەست شکستەوە مەدە.

### ٧/٢٣ - ٨/٢٢ شێر

ڕەنگە بەهۆی کێشەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووەوە کەمێك نیگەران بیت، بەڵام هەمو شتێك بەرو باشی دەڕوات، بەهۆی وشە زبرەکانتەوە ئازاری هەستی کەسانی دیکە مەدە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت، هیچ کەسێك لەگەڵت نامێنێتەوە، بەڵکو هەوڵ بدە بۆ چارەسەری گرفتەکان لەگەڵ کەسە نزیکەکانت ڕاوێژ بکەیت.

### ٨/٢٣ - ٩/٢٢ گوڵەگەنم

هەمیشە بیر لە داهاتوو بکەوە و ڕابردوو فەرامۆش بکە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر باشە بۆ ئەوکەسانەی پەیوەندیی خۆشەویستیان هەیە و دەیانەوێ دڵخۆش بن، تۆ کە خاوەنی ئەم بورجەیت لەلایەن هاوڕێکانتەوە پاڵپشتی دەکرێیت، بەڵام تەندروستیت پشتگوێ مەخە، دەنا ڕووبەڕووی گرفتی تەندروستی دەبیتەوە.

## فیلم

ئاسمانی نیوە شەو

the mednight sky –


فیلمێکی زانستی و درامایە، باس لە زانایەك دەکات، کە دەیەوێت کار لە پرۆژەیەکدا بکات بۆ رزگارکردنی جیهان لە تەنگژەیەکی گەردوونی و جیهانیی گەورە، فیلمەکە لە کۆریای باشوور وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی جۆرج کلونی و نووسینی لیلی برۆکس داڵتۆنە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و دوو خولەکە، لە نوندانی جۆرج کلونی، فلیسیتی جۆنیش، کەینی شاندەلەر و سۆفی رۆندییە.



# پاندا وێنەی سێڵفی دەگرێت



ئەو ورچە پاندایە حەز بە وێنەی سێڵفی دەکات، کاتێك کەسێك بیەوێت وێنەیەك بگرێت، خۆی بە جوانی رێك دەخات و جووڵە ناکات، تا وێنەکە دەگیرێت، بەوهۆیەوە بە هەزاران وێنەی لەگەڵ زۆربەی خەڵك گیراوە، تەنانەت فێری وێنەگرتنی سێڵفیش بووە. ئەو پاندایە لە باخچەکی ئاژەڵانی وڵاتی تایلەند دانراوە، بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر وێنەی لەگەڵدا دەگرن، ئێستا خۆی داری سێڵفیەکە بە دەستەوە دەگرێت و وێنەیەکیش دەگریَ، ئەو پاندایە وایکردووە کە خەڵك و گەشتیاری زۆر بە بەردەوام سەردانی بکەن باخچەکە بکەن تا وێنەیەکی سێڵفی بە دەستی خۆوە لەگەڵیدا بگرن، بە پاندای سێڵفی ناسراوە تەمەنی (١٢)ساڵە.



## پەند و وتە

فیۆدیۆر میخایلۆفیچ دیستکوفیسکی، نووسەر و رۆماننووسی رووسی، لە ساڵی ١٨٢١ لە شاری مۆسکۆی رووسیا لە دایکبووە و لە ساڵی (١٨٨١) لە سانت بیتسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خەم و ئازارەکانی ناخ دەڵێ: «کاتێك ناخ و ویژدانت پڕ ئاگر بوو، وا دامەنێ کە ئاگرە، بەڵکو پێبکەنە و وا هەست بکە کە ئاهەنگێکی گۆشت برژاندنە».



## فێڵکاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کوندەپەپوو هەن، هەوڵبدەشوێنی کوندەپەپووی دووەم بدۆزیتەوە و دیاریی بکەیت، بە جوانی سەرنج بدە و بزانە کوندەپەپووی دووەم لە کوێی وێنەکەدایە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ژیانی تایبەتی و ژیانی پیشەییتدا هەست بە ئاسودەیی و دڵخۆشی دەکەیت، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر باشت هەیە، هاوڕێ و خێزانەکەت پشتگوێ مەخە، چونکە لەم کاتەدا پێویستییان بە بایەخپێدانی تۆ هەیە، لە ئێستادا ئاسان نییە بگەیت بە ئامانجەکەت، وا باشترە بە هەموو توانایەکەوە هەوڵی بۆ بدەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هۆکاری زۆرباشت هەیە بۆئەوەی دڵخۆش بیت، هەمووان بە رووی تۆدا پێدەکەن و رووداوەکان ئەرێنین، وزەیەکی زۆرت هەیە و چالاکیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات سەرکەوتو بیت لەو کارەی کە دەیکەیت، کار لەسەر پڕۆژەی نوێ بکە و بیرۆکەکانت بەکاربهێنە، هەرگیز چاوەڕوانی کات مەبە کێشەکانت بۆ چارەسەر بکات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاری خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە، بیرکردنەوەی کەسانی چواردەورت ئەرێنین و ئەمەش کاریگەریی باش لەسەرت دادەنێت، دڵنیابە کەهەمو شتێك زۆر ئاسانە و چێژ لە هەمو ئەو کارانە ببینە کە ئەنجامیان دەدەیت، دوای خەونەکانت بکەوە و دەرفەتەکان لەدەست مەدە، ئەگەر ژیرانە بڕیار بدەیت، داهاتوو بەدڵی تۆ دەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خۆشییەکانت لە دەست مەکە و چێژ لە ژیانت وەربگرە، دووربکەوەرەوە لە خۆپەرستی و یارمەتی کەسانی دیکە بدە، کارکردن بە تیم زیاتر بەرەو پێشەوەت دەبات و چانسی سەرکەوتنت زیاتر دەبێت، ئەمڕۆ تەندروستیت باشە و هیچ شتێك نییە کە نیگەرانت بکات، بۆیە دەرفەتێکی باشە تا بڕیاری دروست بدەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوت و رەفتارتدا بکە زیاتر کاردانەوەی ئەرێنی دەبینیت، دوربکەوەرەوە لە خوە خراپەکان، کەسانی چواردەورت رێزی بیرۆکەکانت دەگرن و ئەمەش متمانەبەخۆبونت زیاد دەکات، مەترسە لەوەی چالاکیی نوێ تاقیبکەیتەوە، بەڵکو هەوڵەکانت بخەرەگەڕ تا ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ دەرفەتی ئەوەت هەیە کە کات بە خۆت ببەخشیت و پشوو وەربگریت، دڵنیابەرەوە لەوەی کە بەهۆی سەرقاڵیتەوە هاوڕێکانت پشت گوێ ناخەیت و کات بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بهێڵەرەوە، بەم زووانە بەهۆی رەفتارە ئەرێنییەکانی خۆشەویستەکەتەوە هەست بە ئاسودەیی دەکەیت.